# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە: ٦٢ - ٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار**

حەمەسەعید حەسەن

**سەرنووسەر**

پ.د. کاروان عومەر قادر

**بەڕێوەبەری نووسین**

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

**دەستەی نووسەران:**

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
پ.د. بەختیار سەجادی
پ.د. فەرهاد قادر کەریم
پ.ی.د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان
پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
پ.د. مارتن ڤان برونسن
پ.د. جەلیلی جەلیل
پ.د. سالَح ئاکین
پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە | ISSN: ٢٥٢٠ - ٤١٠٦ | http;//gov.krd/ka

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

**هەڵەچنی:** دیاکۆ هاشمی و پ. د. دانا ئەحمەد

**ڕێکخەری کاروباری گۆڤار:** ئیمان نەجات

**بەرگ و دیزاین:** ئومێد محەممەد

**ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:**

http://journal.kurdish-academy.dev.krd

**ئیمێڵ:** journal@ka.gov.krd

**موبایل:** ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

**چاپ:** چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

**پێڕست**

**جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا.......................................................٥**

کاروان عەلی محەمەد - پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر - پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن

**جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان)(ئەدەب)دا.....٢٣**

علی مصطفی توفیق

**کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا...............٣٩**

د.عادل محەممەد کەریم - پ.ی.د.چیایی کمال سعدی

**هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا...............٥٧**

د. حبیب مصطفی ابراهیم - پ.ی.د رضوان شریف صالح

**شەو لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا.......................................................٧٣**

پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز - پ.ی.د. لقمان ڕەئوف

**بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی...........................................٩١**

م.ی حسین رفیق حسن

**زمانی ڕەنگەکان لە بواری دەروونناسیدا.................................................١١١**

م.ە- م عبدالستار نعمت آلیخانزانکۆی - پ.هـ ـم. کاوە طاهر ظاهر

**(التخطيط الاستراتيجي لإعادة تنظيم البيشمركة في بادينان)..........................١٢٥**

هيام حاجي أحمد

**لمحات من ثقافات العصرين الحجري النحاسي وما قبل الكتابة في الجزيرة السورية.....١٣٧**

أ.د. نعمان جمعة إبراهيم - عمر حسين شريف

**الانعكاسات الاجتماعية لعدم الالتزام بالقوانين المرورية في مدينة أربيل..................١٥٥**

م.م. أميد عبدالمجيد قادر - أ.د. عبدالحميد علي سعيد البرزنجي

**مؤلفات كتبت لسلاطين وملوك الأيوبيين.................................................١٧١**

أ.م د. لولاڤ مصطفى سليم

# جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا

**کاروان عەلی محەمەد**
بەشی شانۆ و سینەما
کۆلێژی هونەرەجوانەکان زانکۆی سەلاحەدین
charlykarwan@gmail.com

**پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر**
بەشی شانۆ و سینەما کۆلێژی
هونەرەجوانەکان زانکۆی سەلاحەدین
zhilwan.bapir@su.edu.krd

**پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن**
بەشی شانۆ و سینەما کۆلێژی
هونەرەجوانەکان زانکۆی سەلاحەدین
salarhusman@gmail.com

**پوختەی توێژینەوەکە:**

هۆنراوەی منداڵان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ دادەنێت و دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی تا منداڵان بەباشی بتوانن دان بە وشەکاندا بنێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕوونبێژی و گفتوگۆیان دەبێت و دەگەنە ئەوەی بەئاسانی هەموو وشەیەک بڵێن و دەرببڕن، مانای ڕستە و ئاماژەکان بزانن و زیاتر لە ئاماژە و مەبەستەکان بکۆڵنەوە، هۆنراوەی منداڵان دەتوانێت لە چەندین پەنجەرەی پەروەردەیی و ژیارییەوە منداڵ پێ بگەیەنێت و فێری بکات. ڕیتم و مۆسیقای هۆنراوەی منداڵ هەستی فێرکاری و چێژ و چەشەی منداڵان بۆ فێرکردن و خوێندنەوە زیاتر دەکات، جوانییەکانی هۆنراوەی منداڵان جوانبینیی منداڵان زیاتر دەکەن و وای لێ دەکەن کە خۆی هەست بە سەرجەم جوانییەکانی ژیان و ناشیرینییەکان بکات، فەلسەفەی هۆنراوە منداڵ لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە دەکات تا باشتر بڕوانێت و خوێندنەوەی زیاتری بۆ هەموو شتێک هەبێت، فەلسەفە دەتوانێت تێڕوانینی منداڵ بگۆڕێت بە شێوەیەکی ئەرێنی و کاریگەریی لەسەر دروست بکات، تا لێزانانە بڕیار بدات و هەڵە نەکات، بە یەک تێڕوانین نەڕوانێتە ژیان و بابەتەکان، هۆنراوە کاریگەریی زۆر لەسەر دەروونی منداڵ جێ دەهێڵێت، هۆنراوەی منداڵ خۆشەویستترین ژانری ئەدەبیی منداڵانە، منداڵ لە ڕێگای زمانی، جوانیی هۆنراوە و دەیان دەلیڤەی تری بۆ دەکرێتەوە و بیری پاراوتر دەبێت، هۆنراوە جگە لە ڕیتم و مۆسیقا و جوانیناسی و بابەتی فەلسەفی دەتوانێت منداڵ هۆشیار بکاتەوە و فێری بکات و زمانی منداڵ لە چەندین ڕووەوە پاراو بکات.

**کلیلە وشەکان:** جوانیناسی، فەلسەفەی جوانی، ڕیتم، مۆسیقا، هۆنراوەی منداڵان

**پێشەکی:**

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر چەند چەمک و لایەنێکی جوانی لە هۆنراوەی منداڵاندا، چونکە هۆنراوە و جوانی و ئاماژەی پەروەردەیی دەروازەیەکی گرنگ بۆ منداڵان دەکاتەوە، وا لە منداڵان دەکات کەوا چێژ و خۆشیی لێ ببینن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە پەنجەرەیەکی زۆر گرنگ لە بواری پەروەردەیی و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتن و پێگەیشتنی منداڵان، لەڕووی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە، وەکوو فێربوون و زانینی چەندین مەبەستی زانستی و ژیاری، ئاشنابوون بە زانستی هەمەچەشن، وەکوو بابەتە ئاکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، یاخود پاڵفتەبوونی زمان و ئارەزووکردنی خوێندنەوە و فێربوون، لەگەڵ ئەمانەشدا منداڵ تێکەڵاوی چەندین بابەتی گرنگی پەروەردەیی و پێویست دەکات و ئاشنای دەکات بە بابەتی فەلسەفیی گونجاو، لەگەڵ تەمەنی خۆیدا بگونجێت.

فێری ئەوەی دەکات کە جوان و ناشیرین و ڕەنگەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە، ئەم ئاشنابوونەی بە دنیای فەلسەفی و جوانیناسییەوە وا لە منداڵەکە دەکات کە خۆی بتوانێت بدوێت و متمانەی بە خۆی هەبێت، هەروەها لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە باش و خراپ و جوان و ناشیرین لە یەکتری جیا بکاتەوە، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هەوێنی سەرکەوتنی هەنگاوەکانی ژیانی و ئامانجێکی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، بە شێوەیەکی گشتی هۆنراوەی منداڵان بەهۆی کێش و سەروا و ڕیتم و مۆسیقا و لایەنی جوانیی وشەکان و پوختی زمان و ئاماژەکانی هۆنراوە و فەلسەفە و جوانیناسییەکەی، کاریگەرییەکی ئەرێنی و پەروەردەیی لەسەر دنیابینی و هەنگاوە فێرکارییەکان و زانستییەکانی منداڵان دادەنێت.

کارئاسانی دەکات بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان و تێگەیشتنی زیاتر، چونکە هۆنراوە ئاماژەکانی، لایەنی جوانیناسییەکەی بە شێوەیەکی سادە و پوخت و مانادار کە لەگەڵ تەمەن و دنیابینیی منداڵان بگونجێت، وا دەکات منداڵەکە خۆی بەدوای وشە و تێڕوانین و بابەتی جوان و تازەدا بگەڕێت. هۆنراوەی منداڵان لە ڕووی دەروونییەوە، ژانرە خۆشەویستەکەی دنیای منداڵانە، کەواتە هۆنراوەی منداڵان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان دادەنێت و منداڵانیش بەهۆی سەرجەم جوانییەکانی هۆنراوەوە گرنگییەکی زۆریان بۆ ئەم ژانرە هەیە.

**پێشینە و تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

(بەها پەروەردەیییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا – باشووری کوردستان) لە توێژینەوەی (ڕازاو ڕەشید سەبری) تێزێکە پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە، لە ساڵی ٢٠٢١، بڵاونەکراوەیە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێک هاتووە لە کۆمەڵێک تێکستی شانۆیی منداڵان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠١٤) و نموونەی توێژینەوەکە لە (٥) تێکستی شانۆیی پێک هاتووە کە شوێنی جوگرافییان باشووری کوردستانە، میتۆدی توێژینەوەکەش (وەسفی شیکاری)یە. لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێکی خستووەتە ڕوو، لەوانە دەقە شانۆیییەکان توانیویانە بە شێوەیەکی باش ئامانجە پەروەردەیییەکان بپێکن، بابەتە شانۆگەرییەکان بە شێوازێکی سادە و ڕوون لە ڕووی پەروەردەیییەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەدایە خەوشێکی بەرچاوە، ئەوەیە پێویست بوو توێژەر کار لەسەر ئەنجامی بەها پەروەردەیییەکان بکات، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگاتە ئەوەی ئایا توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆری و کردەیی ناخی منداڵان چ بەهایەکی دەبێت و چ کاریگەرییەکیان لەسەر دروست دەکات، یاخود دەقی شانۆیی سادە دەتوانێت زانیاریی زیاتر بە دەستەوە بدات؟ چونکە زۆربەی دەقە شانۆیییەکان بۆ خۆیان پڕن لە بەها و ئاکاری پەروەردەیی،

هەروەها ماستەرنامەی (نەبەز ئیسماعیل کەمال) بە ناونیشانی (شانۆی منداڵان و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا ٢٠٠٣-٢٠٢١) نامەیەکە پێشکەش بە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر/ بەشی سینەما و شانۆ کراوە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە لە ساڵی ٢٠٢٢. لە ماستەرنامەکەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێک دێت لە وەرگرتن و نمایش و دەقی شانۆی منداڵانی کوردی لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣/ ٢٠٢١ نمایش کراون و نموونەی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی چوار بەرهەمی شانۆی منداڵان لە (شاری هەولێر دوو کاری شانۆی منداڵان، هەروەها لە سلێمانی یەک شانۆی منداڵان و لە شاری دهۆک یەک شانۆی منداڵان)، میتۆدی توێژینەوەکەش (وەسفی شیکاری)یە و لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێکی گرنگی خستووەتە ڕوو، لەوانە جوانیی پەیامی پەروەردەیی لە جۆرە جیاوازەکانی شانۆی منداڵان دەردەکەوێت، هەروەها پەروەردە کردارێکی پێکەوەییە، شانۆی منداڵان کەرەستەیەکی گرنگی پرۆسەکەیە، بەڵام ئەوەی توێژەر درکی پێ نەکردووە ئەوەیە کە ئایا ئەم نمایشانە لە کوێ نمایش کراون، بۆچی تەنها ئەو نمایشانە وەرنەگیراون کە دەقەکان و شوێنی نمایشەکە تایبەت نییە بە قوتابخانە، هەموویان لەناو قوتابخانەکاندا نین، چونکە شانۆی قوتابخانە پرەنسیپی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر بۆیە نموونەی وەرگرتنی دەقەکان گونجاو نین لەگەڵ ناونیشانی ماستەرنامەکە، ئەمەش خەوشێکی تری ئەم ماستەرنامەیەیە، سەرباری ئەوەی دەبوو پێنج دەق بێت یان سێ دەق، واتە لە ژمارەی دەقەکان تاک هەبوایە، بۆ ئەوەی ئەنجام و هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان بەجوانی بەدیار بکەوتایە.

## بەشی یەکەم:
## فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا

فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا بریتییە لەو بیرۆکە قووڵ و چەمکە ئەبستراکتانەی کە بە شێوەیەکی سادە و گونجاو بۆ منداڵان دەخرێنە ڕوو، بابەتی فەلسەفی (ئەو هەوڵە گرنگەیە کە بۆ هۆنراوە دەدرێت، هەوڵێکی پڕ لە ماندووبوون و تایبەتییە، بۆ پێکهێنان و ئەفراندن و خەیاڵ و داهێنان، ئەمەش لەڕێگای زمان و فەلسەفەوە جێبەجێ دەکرێت) (بلۆک، سالنجر، ١٩٦٦: ٨١) فەلسەفە ئامانجی بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی منداڵە لە جیهانی دەوروبەری و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانەی خۆی بە شێوەیەکی فەلسەفی و جوان و سەرنجڕاکێش.

### فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵان چییە؟

گەڕان بەدوای مانادا، زۆر جار هۆنراوەی فەلسەفی پرسیار لەبارەی سروشت و ژیان و پێوەندی و بەهاکانەوە دەورووژێنێت، وەک: بۆچی خۆر دەدرەوشێتەوە، هاوڕێبوون مانای چییە؟ یاخود تێڕوانینە دەربارەی بەها مرۆییەکان: وەک ڕاستگۆیی، دادپەروەری، هاوکاری و خۆشەویستی و تێرامان لە ژیان... ڕەنگە هۆنراوە باسی بابەتی سادە، بەڵام قووڵ بۆ منداڵ بکات، وەک سووڕی ژیان (لەدایکبوون و گەشەکردن) یان گۆڕانکاریی شەو و ڕۆژ.

### نموونەی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵان:

**پرسیارە سادەکانی بوونگەرایی:**

**لە چۆن و بۆچی دەکۆڵنەوە، وەک:** بۆچی باڵندەکان دەفڕن؟ ئەستێرەکان شەوانە چی دەڵێن؟

**بەها پەروەردەییەکان:** هۆنراوەیەک کە فێری ڕاستگۆیی یان هاوکاریی منداڵ دەکات لە ڕێگەی چیرۆکێکەوە لەنێوان ئاژەڵان یان سروشتدا.

**پێوەندییەکانی نێوان شتەکان:** وەک هۆنراوەیەک کە باس لە دیالۆگێکی نێوان گوڵێک و خۆرێک دەکات

که گوزارشت له مانای هاوکاری و بەخشین دەکات، ئەمانە چەند نموونەیەکی سادەن، بەڵام هەمیشە بوونیان هەیە و گرنگن لە ژیان و تێڕوانینی فەلسەفیی منداڵاندا.

## گرنگیی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا:

**هاندانی بیرکردنەوە:** یارمەتیی منداڵان دەدات بە شێوەیەکی نوێ و نامۆ بیر لە شتەکان بکەنەوە و دەروازەی بیرکردنەوە دەڕەخسێنێت.

**بەهێزکردنی بەهاکان:** چەمکە ڕەوشتی و پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی دۆستانە و دەستراگەیشتن دەخرێنە ڕوو، یاخود ئاماژەیان پێ دەکرێت یان هەڵوێست لەسەر بەها و ئاکارەکان وەردەگرێت.

**پەرەپێدانی خەیاڵ:** وا لە منداڵان دەکات لە جیهانە نوێ و تایبەتەکەیان خەیاڵ بکەن و سەرسام بن لە شتگەلێکی گەورەتر لە واقیعی ڕۆژانەیان.

**فێرکردنی منداڵان کە چۆن پرسیار بکەن:** فەلسەفە لە پرسیارکردنەوە دەست پێ دەکات و هۆنراوەی فەلسەفیی منداڵان ئەم لێهاتووییە بەرز دەکاتەوە (فەلسەفە چالاکییە: شێوازێکی بیرکردنەوەیە دەربارەی جۆرێک پرسیار) (وابرتۆن، ٢٠١٣: ١).

## گرنگیی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵان:

- **پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە:** فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی منداڵ بە شێوەیەکی جیاوازتر بیر بکاتەوە، وایان لێ دەکات پرسیاری وەک: بۆچی شتەکان ڕوو دەدەن؟ یان ئامانجی سروشت چییە؟ ئەمەش توانای شیکردنەوە و پەیوەستکردنی شتەکانیان بەرز دەکاتەوە.

- **پێشخستنی بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان:** هۆنراوەی فەلسەفی بە شێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش منداڵان بە چەمکەکانی وەک چاکە و خراپە، دادپەروەری، ڕاستگۆیی، هاوکاری و ڕێزگرتن ئاشنا دەکات، یارمەتییان دەدات لە گرنگیی بەهاکان لە ژیانی ڕۆژانەیان تێ بگەن لە ڕێگەی ئەو نموونەیانەی کە لە سروشت یان بارودۆخە خەیاڵییەکانەوە ئیلهامیان وەرگرتووە.

- **هاندانی خۆشەویستی بۆ زانست:** منداڵان مەیلێکی سروشتییان هەیە بۆ پرسیارکردن لە هەموو شتێک، فەلسەفە لە هۆنراوەدا ئەم گونجاوییە پەرە پێ دەدات، پاشان دەبێتە بەشێک لە خۆراکی مێشکیان، هزریان دەوڵەمەندتر دەکات بەبێ ئەوەی ئاڵۆز دەرکەون. زۆر جار بەهۆی خوێندنەوە و زانستەوە (زۆر چەمک لە جاران ئاڵۆزتر دەبینن، بەڵام بێگومان قووڵتر و ڕوونتر و مانادارتریش) (فەرهادپوور، ٢٠٠٦: ١٥). هۆنراوە فەلسەفییەکان هانی منداڵ دەدەن کە پرسیاری وەک: گوڵ بۆ جوانە؟ بۆچی دەژین؟ چۆن هاوڕێیەک پەیدا بکەین؟ لەگەڵ ئەوانەشدا دەیان پرسیاریان لەناو هۆنراوە بۆ دروست دەبێت.

- **فێرکردنی چەمکە ئاڵۆزەکان بە سادەیی:** هۆنراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما و نموونە و وێنەی خەیاڵیی نزیک لە جیهانی منداڵەوە بیرۆکە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان ئاسان دەکات بۆ تێگەیشتن، بۆ نموونە دەتوانرێت چەمکی هاوڕێیەتی لە ڕێگەی هۆنراوەیەکەوە بخرێتە ڕوو کە باس لە پێوەندیی نێوان دارێک و ئەو باڵندانەی کە لەسەری دەژین بکات.

- **ئیلهامبەخشین بۆ خەیاڵ و پەرەپێدانی داهێنان:** فەلسەفە لە هۆنراوەدا ئاسۆی نوێ بۆ منداڵ دەکاتەوە بۆ ئەوەی جیهانەکانی دیکە خەیاڵ بکات و بیر لە داهاتوو بکاتەوە، زۆر جار هۆنراوەی فەلسەفی پرسیاری کراوە لەخۆ دەگرێت و هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان نییە، ئەمەش منداڵان هان دەدات بۆ بیرکردنەوە و دروستکردن و گەڕان.

- **گەیشتن بە هاوسەنگیی دەروونی و خۆئاگاداری:** هۆنراوەی فەلسەفی تێگەیشتنی قووڵتری منداڵ لە خۆی و شوێنی خۆی لە جیهاندا بەرز دەکاتەوە و دەیسازێنێت، یارمەتیی پەرەپێدانی متمانەبەخۆبوون دەدات لە

ڕێگەی هێنانەپێشەوەی پرسەکانی وەک قبوولکردن و گەشبینی و خۆشەویستی و خۆدۆزینەوە، هۆنراوە دەبێتە هۆکاری خودبینی و خۆدۆزینەوە (خودبینی دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە لە لای منداڵ) (عەلی، ٢٠٢٤: ٢٣٦). زۆر جار بەهۆی بابەتی فەلسەفیی هۆنراوەی منداڵانەوە منداڵ ڕێگای ژیان و خۆی دەدۆزێتەوە لەناو هۆنراوەکەدا.

- **پەروەردەکردنی منداڵ بۆ گفتوگۆ:** فەلسەفە منداڵ فێری گرنگیی گفتوگۆ و قبوولکردنی دیدگای جیاواز دەکات، ڕەنگە هۆنراوە فەلسەفییەکان دیالۆگی نێوان بوونەوەرە خەیاڵییەکان لەخۆ بگرن، هاندەری منداڵان بن بۆ تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان دەرگای گفتوگۆیان زیاتر بۆ دەکاتەوە.

- **کارلێککردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر: هۆنراوەیەک** کە مامەڵە لەگەڵ بابەتگەلێکی فەلسەفی وەک سروشت یان گەردوون دەکات، وا دەکات منداڵ زیاتر ئاگاداری جیهانی دەوروبەری بێت، دەیبەستێتەوە بەو شتانەی کە ڕۆژانە دەیبینێت، وەک خۆر و مانگ و با و دارەکان و پێوەندییان بە ژیانی خۆیەوە ڕوون دەکاتەوە.

تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا

کاتێک باسی فەلسەفە دەکرێت دەبێت لەناو فەلسەفە و دەقدا ڕەچاوی ئاست و تەمەن و سایکۆلۆژیا بکرێت، چونکە (زۆر گرنگە دەق ڕەچاوی ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژیای تێدا بکرێت) (لیژنە، ٢٠٢٤: ٩٨)، هەر بۆیە لێرەدا چەند تایبەتمەندییەکی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا دەخەینە ڕوو:

**سادەیی لەگەڵ قووڵی:** بەکارهێنانی زمانێکی تێگەیشتوو کە هەڵگری مانای قووڵە.

**پێشنیاز و هێما:** بەکارهێنانی هێماکانی وەک خۆر (ژیان)، باڵندە (ئازادی)، گوڵ (جوانی).

**ڕیتمی مۆسیقا:** ئاسانکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لەگەڵ مانای فەلسەفی لە ڕێگەی تۆنەکانەوە، بەتایبەت ڕیتمی هۆنراوە.

**کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکە هۆنراوەییەکان:** خستنەڕووی بیرۆکەکان لە ڕێگەی چیرۆکێکی خەیاڵی یان ئەزموونی منداڵییەوە یاخود چیرۆکی هۆنراوەکەوە.

لێرەدا بیرۆکەی فەلسەفە لە پرسیارکردن لە سروشت و بەستنەوەی بە ژیانەوەیە. لەناو هۆنراوەکانەوە بە شێوەیەکی فەلسەفی سەر هەڵدەدەن و دەبنە پرسیار، وەکوو پرسیاری:

– با، بۆ کوێ دەچێت؟ ئایا خەونت هەیە؟

بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ڕۆڵی هۆنراوەی فەلسەفی لە هۆشیاریی منداڵدا دەبێتە یارمەتیدەر لە:

– پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

– خۆشەویستی و گەڕان و فێربوون و چاندنی هەستی بەرپرسیاری.

– گەیاندنی بیرۆکەی ئاڵۆز بە شێوەیەکی خۆش و ئاسان.

– دروستکردنی پێوەندییەکی تایبەت لەنێوان منداڵ و جیهانی دەوروبەریدا. ئەمەش وا دەکات منداڵ فێر ببێت دانەبڕێت، چێژ وەربگرێت، (پێویستە هەردوو بوارەکە هونەری و چێژبەخشین و پەروەردە و فێرکردن ئاوێتەی یەکتر بن) (کۆمەڵێک، ٢٠٢٤: ٨٩)، لەبەر ئەوەیە فەلسەفە ئاوێتەی بیرکردنەوەی منداڵان و هەڵوەستەکردنیان دەبێت، هەر بۆیە فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا، پەنجەرەیەکە کە خەیاڵ و تێرامان تێکەڵ دەکات، بیرۆکەی قووڵ بە شێوەیەک دەخاتە ڕوو کە ئەزموونی هەستی و دەروونیی منداڵ دەوڵەمەندتر بکات، هەروەها یارمەتی دەدات بیر لە خۆی و جیهان بکاتەوە بە شێوەیەکی نوێ و داهێنەرانە، چونکە فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا بابەتێکی ورووژێنەر و گرنگە، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی توانای تێکەڵکردنی پەروەردە و کات بەسەربردن بە شێوەیەک کە منداڵان بتوانن هەڵی بمژن و لێی تێ بگەن. دەتوانین لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بابەتەکە بەوردی شی بکەینەوە:

**١. چەمکی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا:** فەلسەفە گەڕانە بۆ مانا و جەوهەر و تەنانەت لە هۆنراوەی

منداڵانیشدا دەتوانرێت لە ڕێگەی بەها ئەخلاقییەکان و پرسیارە سادەکانی بوونگەرایی و تێرامان لە ژیان و جیهانی دەوروبەرەوە دەربڕدرێت. هۆنراوە بۆ منداڵان تەنیا ئامرازێکی کات بەسەربردن نییە، بەڵکوو ئامرازێکی پەروەردەییە بۆ بەرزکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانەیان.

**٢. ئامانجەکانی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا:** پەرەپێدانی هەستی پرسیارکردن: منداڵان مەیلیان هەیە هەموو شتێک بخەنە ژێر پرسیارەوە. هۆنراوەی فەلسەفی هانیان دەدات بەقووڵی بیر لە بابەتەکانی وەک ژیان، سروشت، چاکە و خراپە بکەنەوە و ڕامیان دەکات پرسیاری گرنگ و تایبەت بکەن و بیری لێ بکەنەوە، لەبەرئەوەی زۆرێک لە هۆنراوەکانی منداڵان باس لە بابەتگەلێکی وەک هاوڕێیەتی، ڕاستگۆیی، دادپەروەری و ڕێزگرتن دەکەن و ئەمانە هەموویان بەهای فەلسەفی و پەروەردەیین، لەگەڵ ئەمانەدا هۆنراوە ئاسۆی فراوان بۆ منداڵان دەکاتەوە بۆ خەیاڵکردنی جیهانە نوێیەکان و بیرکردنەوە لە دەرەوەی سنوورە ئاشناکان و خەونی بینین بە داهاتووەوە.

**٣. هۆنراوەی منداڵان بە سروشتێکی فەلسەفی:** بیرۆکەی فەلسەفی پێویستە بە زمانێکی سادە کە لەگەڵ تێگەیشتنی منداڵدا بگونجێت، بەڵام بەقووڵییەک کە ڕێگەی پێ بدات ڕەنگدانەوەی هەبێت، (فەلسەفە بابەتێکی فراوانە و فرەلقە، پەیوەستە بە هەموو چەشنەکانی زانست و هەموو لایەنەکانی ژیان) (کامیل، ٢٠١٣: ٣٥). هەروەها ڕیتم و مۆسیقای هۆنراوە بۆ ڕاکێشانی منداڵ و هاندانی کارلێکی لەگەڵ دەقدا پێویستە، هێما و خەیاڵ و هێماکانی وەک خۆر و مانگ، ئاژەڵ و شوێنە خەیاڵییەکان بۆ گەیاندنی پەیامی فەلسەفی بە شێوازی سەرنجڕاکێش بەکار دەهێنرێن و زۆر پێویست و گرنگن.

**٤. تەوەری فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا:** تێڕامان لە سروشت هەمیشە گرنگە و ئەو هۆنراوانەی کە تیشک دەخەنە سەر جوانیی سروشت و پێوەندییەکەی لەگەڵ مرۆڤدا، وەک پرسیار لەبارەی خۆر و مانگ و باران و دیاردە سروشتییەکان و بیرکردنەوە لە بەهاکانە، ئەو هۆنراوانەی کە بەهاکانی هاوکاری و ڕاستگۆیی و لێبووردەیی بەرەوپێش دەبەن، وەک لە چیرۆکە هۆنراوەییەکاندا دەبینرێت کە سەرکێشییە پەروەردەییەکان دەگێڕنەوە و لەگەڵ ئەمەشدا پرسیارە سادەکانی بوونگەرایی وەک من کێم؟ بۆچی لێرەین؟ چۆن بەئارامی بژین؟ ئەمانە پرسیاری فەلسەفین کە دەتوانرێت بۆ منداڵان سادە بکرێنەوە و بووروژێنرێن و فەلسەفە تێکەڵی بابەتی کۆن و نوێ بکرێت تا منداڵان زیاتر سوود وەربگرن. لە هۆنراوەی هاوچەرخەکانیش زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ تەوەری وەک ژینگە و سروشت، تەکنۆلۆژیا و ئاشتیی جیهانی لەخۆ دەگرن، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی فەلسەفەیە بە تێپەڕبوونی کات (جوانی سروشتی ئامانجدارێتییەکی وێنەیی تێدایە) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٦٨).

**٥. گرنگیی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا:** ئامادەکردنیان بۆ داهاتوو، فەلسەفە یارمەتیی منداڵان دەدات پەرە بە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان بدات، کە پێویستە لە ژیانیاندا، بیرکردنەوەیان بگۆڕێت، پێشخستنی بیرکردنەوەی ئەرێنی هۆنراوەی فەلسەفی هانی منداڵان دەدات بۆ بینینی لایەنە ئەرێنییەکان تەنانەت لە هەلومەرجی سەختیشدا چونکە قووڵیان دەکاتەوە، قووڵکردنەوەی خود یان خودتێڕامان ئەمەش وا دەکات منداڵ هەست بە بەهای خۆی و ڕۆڵی خۆی بکات لە جیهاندا.

**٦. بیرکردنەوە و ڕامان لە هۆنراوەی منداڵاندا: فەلسەفە** لە هۆنراوەی منداڵاندا تەنیا ئامرازێکی پەروەردەیی نییە، بەڵکوو پردێکە کە یارمەتیی منداڵان دەدات لە جیهانی دەوروبەریان تێ بگەن بە شێوازێکی پڕ لە خەیاڵ و جوانی. بۆ ئەوەی بیرکراوەتر و هەستیارتر بڕواننە دەوروبەریان، تا بیر و هزریان لە گەشە و کەسایەتییان لە پەرەسەندندا بێت، (لە دیدی هێگڵەوە شەپۆلی فەلسەفی شەپۆلێکی پەیوەست و هەڵقوڵاوە) (مستەفا، ٢٠٠٥: ٤٥).

هۆنراوەی منداڵان ئامانجی بەرزکردنەوەی هەستی جوانیناسییە لە ڕێگەی وێنە هۆنراوەییە سادەکانەوە کە خەیاڵیان دەوروژێنێت، هەستەکانیان ئاو دەدات و بیریان پاراو دەکات، چونکە هۆنراوەی منداڵان لە ڕووی زمان و شێوازەوە دەبێت سادە بێت، بەڵام لە قووڵاییی ناوەڕۆکەکەیدا هەڵگری بەها و بیرۆکەگەلێک بێت کە لەگەڵ تەمەنیاندا بگونجێت و بەشدار بێت لە بنیاتنانی کەسایەتییەکانیان، هەروەها گرنگی بدات بە هارمۆنیی مۆسیقی، لەبەر ئەوەی مۆسیقا بەشێکی جەوهەریی هۆنراوەی منداڵانە، جا لە ڕێگەی سەرواوە بێت، یان لە ڕیتمی گشتیی دەقەوە. مۆسیقا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هۆنراوەکە بەدڵی منداڵان بێت و ئاسان بێت بۆ لەبەرکردن و پاشان داهێنان و خەیاڵ بکات، منداڵان لە جیهانە خەیاڵییەکاندا دەژین، بۆیە هۆنراوە دەبێت هانی خەیاڵیان بدات و تێڕوانینەکانیان فراوانتر بکات بە وێناکردنی جیهانە نامۆکان و چیرۆکی پڕ لە سەرگەرمی و بەرهەڵستی و پاڵەوانی و سەرکێشی، بەڵام هەرگیز بەها پەروەردەیییەکان لەبیر نەکرێن، بەها پەروەردەیی و ڕەوشتییەکان گرنگن لە هۆنراوەی منداڵاندا، ئامانجی چاندنی بەها ئەرێنییەکانی وەک ڕاستگۆیی، هاوکاری، خۆشەویستی بۆ سروشت و کاری پێکەوەییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە خۆی لە گوتاری پەروەردەکراوی نەرێنی بەدوور بگرێت و کارلێککردن لەگەڵ ژینگە بکاتە بەشێکی کارلەسەرکراو، چونکە هۆنراوەی منداڵان زۆرجار باس لە بابەتگەلێک دەکات کە لە ژینگەی دەوروبەریانەوە سروشگەرایانە وەرگرتووە، وەک ئاژەڵ و سروشت و خێزان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وایان لێ دەکات هەست بە پێوەندی و سەربەخۆیی بکەن و دەروازە بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان دەست بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە بکەن، هۆنراوەی منداڵان هەوڵ دەدات هانیان بدات بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن نەک وەڵامی ئامادەکراو پێشکەش بکات، ئەمەش داهێنانیان بەرز دەکاتەوە، چێژیان پێ دەبەخشێت و خۆشی و شادی دێنێتە بوون، لەبەر ئەوەی هۆنراوەی منداڵان دەبێت ببێتە مایەی خۆشی، چونکە یارمەتییان دەدات بەئازادی هەستەکانیان دەرببڕن و لە فشاری ژیانی ڕۆژانە ڕزگاریان دەکات، (فەلسەفەی ئەدەبی منداڵان لە فەلسەفەی پەروەردەی سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش گرنگیی ئەوتۆ دەدات بە بوارەکانی جەستەیی و هزری و بابەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، فەلسەفە کار بۆ ئەوە دەکات، کەوا منداڵ خۆی بتوانێت دواڕۆژێکی باش بۆ خۆی دەستەبەر بکات) (ئەلعەنانی، ١٩٩٩: ٢٠).

فەلسەفەی پشت هۆنراوەی منداڵان لە دەوری بنیاتنانی مرۆڤێکی هاوسەنگ بە خەیاڵێکی بەپیت و بەها پتەوەکان و توانای دەربڕین و کارلێککردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا دەسووڕێتەوە، چونکە فەلسەفە هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە، تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا ڕەنگدانەوەی شێوازێکی ناوازەیە کە سادەیی و قووڵایی تێکەڵ دەکات، ئامانجیشی خستنەڕووی چەمکی فەلسەفییە کە لەگەڵ بیرکردنەوەی منداڵان و ئاستی هۆشیارییاندا بگونجێت، دەبێت سادەیی لەگەڵ قووڵاییی زۆر گرنگیی پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی فەلسەفی بە شێوەیەکی ئاسان و تێگەیشتوو دەخرێتە ڕوو کە لەگەڵ مێشکی منداڵدا بگونجێت، بەڵام هەڵگری مانای قووڵ بێت، چونکە هاندەری بیرکردنەوەن، هەروەها دەبێت زمانێک بەکار بێت کە ئاڵۆز نەبێت، بەڵام هاندەری تێڕامان بێت و هێما و پێشنیاز و جوانیناسی ببەخشێت و ئاماژەیی بێت، پشتبەستن بە هێما و مێتافۆر بۆ گەیاندنی مانا، وەک بەکارهێنانی خۆر وەک هێمای هیوا یان با وەک هێمای گۆڕانکاری. جیهانی سروشتی وەک ڕێگەیەک بۆ بیرکردنەوە لە بابەتگەلێکی گەورەتر، وەک ژیان و مردن و جوانی دەخاتە ڕوو. لێرەشدا پرسیارکردن دێتە ئاراوە و پێویستە هۆنراوە لە دەوری ئەو پرسیارانە بسووڕێتەوە کە وا لە منداڵ بکات بیر بکاتەوە، وەک: ڕووناکی لە کوێوە دێت؟

هەمیشە پرسیارکردن، ئاستی زگماکی و هۆشیی منداڵان بەرز دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیی هونەری دێتە بوون، وەک مۆسیقا و ڕیتم، ڕیتمی مۆسیقا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ و بەهێزکردنی بیرۆکەکە لە مێشکیدا بەکار دێت. سەروایش بیرۆکە فەلسەفییەکان سەرنجڕاکێش و ئاسانتر دەکات و هەلومەرج دەسازێنێت بۆ ئەزبەرکردن و بیرهێنانەوە و خەیاڵی داهێنەرانە، (ڕیتمی دەرەکی بەگشتی کێش و سەروا دوو لایەنی سەرەکین تێیدا، بۆ شیعری منداڵ هەمان بنەماکانی شیعری گەورەیە و پێویستە لە شیعری منداڵدا بایەخی تەواویان پێ بدرێت، چونکە ئاوازی شیعرەکە خۆش دەکەن، سەرنجی منداڵ بۆ لای شیعرەکە ڕادەکێشن و بەهۆیەوە چێژ و خۆشی و سوود لە شیعرەکە دەبینن) (مەحموود، ٢٠٠٠: ٣٢).

یاخود فراوانکردنی خەیاڵی منداڵ بە پێشکەشکردنی بیرۆکەی نائاسایی و داهێنەرانە و وێناکردنی جیهانە خەیاڵییەکان یان بارودۆخە ڕەمزییەکان کە یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن لە پرسە فەلسەفییەکان، وەک چاکە و خراپە یان خۆشەویستی و ڕق، لەپاڵ ئەمانەشدا بەکارهێنانی بەها مرۆییەکان هێدی هێدی کاری خۆیان دەکەن و بەها گشتگیرەکانی وەک دادپەروەری، ئازادی، خۆشەویستی، هاوڕێیەتی و یەکسانی... (پەروەردەکردن و ڕاهێنان و هاندان بۆ ڕادەربڕین و تێڕوانینی ڕەخنەئامێز، یاخود پێشکەشکردنی بیری نوێ و خەیاڵی زانستی و سەرکێشیی زانستیی فێرکاری) (شەحاتە، ٢٠٠٤: ١٣).

ئەم فێرکارییانە بە شێوەیەکی قووڵ و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە بانگهێشتی منداڵ دەکات بۆ بیرکردنەوە لە ڕەوشت و پێوەندییەکانی، وەک پێوەندی لەگەڵ سروشت و هێنانی توخمەکانی سروشت وەک بابەتی سەرەکیی تێڕامان بەکار بهێنێت، وەک ئاسمان و ئەستێرە و گوڵ و باران، لێرەدا سروشت دەبێتە ڕەنگدانەوەی تەوەرە فەلسەفییەکان، وەک سووڕی ژیان یان پێوەندی بە جیهانەوە، ئەمەش دەبێتە فێرکاریی زانستی و هاندانی زانیاری، هەمیشە هۆنراوە منداڵ هان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهان و دەرەوەی ڕواڵەتدا بگەڕێت تا زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنێت، وا لە منداڵ دەکات هەست بکات کە هەمیشە شتێکی نوێ هەیە بۆ فێربوون یان تێگەیشتن، ئەمەش پەرە بە خەیاڵی منداڵ دەدات و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە بەرز دەکاتەوە، وا دەکات ئاسۆی تێڕوانین فراوانتر بێت و منداڵ پرسیاری بوونگەراییی سادە بکات، هەندێک جار هۆنراوەی منداڵان پرسیاری سادە سەبارەت بە ژیان، سروشت، یان گەردوون دەخاتە ڕوو، وەک: بۆچی خۆر دەدرەوشێتەوە؟ بۆچی ئەوانی ترمان خۆش بوێت؟ ئەم جۆرە پرسیارە بیرکردنەوە و مێشکی منداڵ و ئاستی فەلسەفیی منداڵان بەرز دەکاتەوە و وایان لێ دەکات بیر لە جیهانی دەوروبەریان بکەنەوە و فێر ببن، فێرکردنی حیکمەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری هۆنراوەیە. هۆنراوەی منداڵان بۆ دابینکردنی حیکمەتێکی سادە کە منداڵان بەئاسانی هەڵی بمژن، بەکار دێت، وەک:

### ـ چاکە لە هەموو شوێنێک بچێنە

ـ لە هەموو کاتێکدا خۆشەویستی گرنگە. ئەم تێڕوانینانە هەمان تێڕوانینی جوان و گرنگی ئەدەبی منداڵانە، چونکە ئەدەبی منداڵان بەگشتی (هەموو ئەزموون و زمانەکانی منداڵان دەگرێتەوە، کە خاوەنی شێوەی هونەرین، چێژبەخشن، منداڵان ئارەزوویان دەکەن و لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبن) (ئەلهەرفی، ٢٠١١: ٤٩).

فەلسەفەی هۆنراوە لێرەدا پەیوەستە بە بنەمای فێرکردنی منداڵان، لەسەر پێوەندیی نێوان کردارێک و ئەنجامەکەی دامەزراوە و بەم جۆرەش هاوسەنگی دەکات، هاوسەنگی لەنێوان پەروەردە و کاتبەسەربردن و چێژ و پەروەردەکردن، هۆنراوە فەلسەفەی تێکەڵکردنی پەروەردە و کات بەسەربردن لەخۆ دەگرێت. منداڵەکە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و چێژبەخش فێر دەکات، کە بەها و زانیارییەکان

لە یادەوەرییدا دەچەسپێنێت و برەوی پێ دەدات. بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی ژینگەیی و کۆمەڵگا، هۆنراوەی منداڵان هەندێک جار باس لە پرسە فەلسەفییەکانی پەیوەست بە پاراستنی ژینگە یان تێگەیشتن لە فرەچەشنیی کولتووری دەکات، فەلسەفە ئەوەیە کە ئەم بابەتانە لە ڕوانگەیەکی سادەترەوە بخرێنە ڕوو کە منداڵ لە گرنگیی ئەوان تێ بگات. کەواتە فەلسەفەی ناو هۆنراوەی منداڵان بریتییە لە تێکەڵکردنی پەیامی پەروەردەیی و زمانی هونەریی جوان کە وا لە منداڵ دەکات بیر بکاتەوە و فێر ببێت، ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و داهێنەر.

## بەشی دووەم:
## پێوەندیی جوانیناسییانە و فەلسەفییانە لە هۆنراوەی منداڵدا

هەروەکوو چۆن جوانی ڕێژەییيە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و وێنای شتەکان دەکات (جوانی لە سروشتدا شتێکی جوانە، بەڵام جوانی هونەر مانای وێناکردنی شتەکانە بە شێوەیەکی جوان) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٦٥). لە شێوازی دەربڕینی ئەم جۆرە ئەدەبەدا بە بەهای جوانیناسییەکان و واتا قووڵەکان دەردەکەوێت کە لەگەڵ جیهانی منداڵدا دەگونجێت و ئاراستەی ویژدان و خەیاڵی منداڵەکەی دەکات. ئەم پێوەندییە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

**١. جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا:**

**ا. سادەیی دەربڕین و جوانیی ڕیتم:** هۆنراوەی منداڵان تایبەتمەندە بە سادەییی وشەکان و ڕیتمێکی نەرم، ئەمەش وای لێ دەکات سەرنجڕاکێش بێت و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن، جوانی لێرەدا لە وشەی مۆسیقی و سەرەوادایە، کە بە شێوەیەک لاساییی ڕیتمی سروشت و ژیانی ڕۆژانە دەکاتەوە.

**ب . تێگەیشتنە هەستیارەکان:** هۆنراوە بە وەسفکردنی سروشت و ئاژەڵ و شتە خۆشەویستەکان و تێگەیشتن جوانی و بەهای زیاتر دەبێت، جوانیی منداڵان بە وێنەی زیندوو و ڕەنگی گەش ئاشنا دەکات، ئەم بینینانە خەیاڵی منداڵ دەورووژێنن و هەستی جوانکارییەکەی تیژ دەکەن.

**ج . بەکارهێنانی هێما و لێکچوون:** هۆنراوەی منداڵان لە ئاماژە و هێمای سادە کەڵک وەردەگرێت کە گوزارشت لە مانای قووڵتر دەکات، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات قەدرزانیی منداڵ بۆ جوانیی ئەدەبی بەرز دەکاتەوە.

**د. بەها جوانکاری و پەروەردەییيەکان:** هۆنراوەی منداڵان بەها ڕەوشتییەکانی وەک هاوڕێیەتی و هاوکاری و ڕاستگۆیی دەبەستێتەوە، لەگەڵ جوانی لە ماناکاندا، ئەمەش تێڕوانینی منداڵ بۆ جیهان وەک سیستمێکی هاوسەنگ بەرز دەکاتەوە، جوانیی پێ دەبەخشێت.

**هـ . ڕەهەندی فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا:** پرسیارە گەورەکانی ژیان بە زمانێکی سادە دەخاتە ڕوو، هۆنراوەی منداڵان پرسیارگەلێکی وەک مانای ژیان، چاکە و خراپە و مردن، بە شێوازێک کە لەگەڵ تێڕوانینەکانیان بگونجێت، کە پێشەکییەکی سادەتر بۆ فەلسەفەی بوون پێک دەهێنێت. هۆنراوەی منداڵان هانی منداڵ دەدات بۆ بیرکردنەوە لە خۆی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەوەی لە دەوروبەریدایە. هۆنراوەی منداڵان تەنیا وشەی جوان یان پەیامی پەروەردەیی نییە، بەڵکوو فەزایەکە کە هونەر و بیرکردنەوە تێکەڵ دەکات. ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ دارشتنی سەلیقەی منداڵ و ڕێنماییکردنی بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی جوانتر و هەمەلایەنە، کە لەگەڵ هەست و سۆزیدا بگونجێت. هەر بۆیە (دەشێ سەرچاوەی کۆپلە هۆنراوەیەک هەڵچوون یان خودی سۆز و هەست بێت) (سارتەر ٢٠٢٠: ٨١). زۆر جار بیرۆکە و تەواوی هۆنراوە و ئاماژەکانی لە هەستەوە دێنە بوون، ئەوسا ڕەهەندەکانی فەلسەفی دەگاتە هەستی منداڵان.

### جوانی لە هۆنراوەی منداڵاندا

لە ئەدەبی هاوچەرخی منداڵاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ڕێژەی جوانی و ئاشنابوون بە دەیان بابەتی جوان و ئاماژەی پەروەردەیی بە منداڵان دەناسێنێت و وای لێ دەکات کە چێژ ببینێت لە ساتی خوێندنەوەی هۆنراوە و گوێلێبوونی، چونکە جوانیناسی بیری منداڵ فراوان دەکات و دەلیڤەیەکی زیاتری بۆ دەکاتەوە تا باشتر لە بابەتەکە بڕوانێت، جوان و جوانی ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا (جوان و جوانی خۆیان لە خۆیاندا مانایەکی نادیار و بەربڵاویان هەیە) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ١٤). لە ئەدەبی منداڵان و ژانری هۆنراوە بەتایبەتی جوانی و ئاماژە جوانییەکان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هزر و تێڕوانینی منداڵان دروست دەکەن.

جوانیناسی ناو هۆنراوەی منداڵان لە کۆمەڵێک توخمەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەقەکان جیاواز و سەرنجڕاکێش دەکەن و لەگەڵ جیهانی هزری و دەروونیی منداڵدا دەگونجێت (جوان لە هاوگونجانی هێزی خەیاڵ و تێگەیشتن دروست دەبێت) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٦٨). ئەم جوانیناسییە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم توخمانەی خوارەوەدا وێنا بکرێت:

**١. جوانیی زمان و پێکهاتەی هۆنراوە:**

**١- سادەییی وشەسازی:** وشەی ڕوون و ئاسان بەکار دەهێنرێت کە لەگەڵ تێگەیشتنی منداڵەکەدا بگونجێت و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو و دەقەکەدا دروست دەکات.

**٢- سەروا:** (سەروا لە هۆنراوەدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە) (محەمەد، ٢٠٢٣: ١٦٢). پێوەری مۆسیقا و سەروای ئاسایی چێژی خوێندنەوە بەرز دەکەنەوە و دەقەکە ئاسان دەکەن.

**٣- ڕیتم:** بەکار دێت بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتن و زیادکردنی ئاشنابوون بە دەقەکان، دروستکردنی ڕیتمێک کە دڵخۆشکەر بێت بۆ منداڵان.

**٢. جوانیی وێنە و بیرۆکەکان:**

**ا. وێنە:** وێنە و ڕووداوەکان بە شێوەیەک وێنا دەکرێن کە منداڵ لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە سەرقاڵ بکرێت.

**ب. و داهێنان:** هۆنراوە دەرگاکانی خەیاڵ دەکاتەوە بە وێناکردنی جیهانە خۆش و سەرسوڕهێنەرەکان، وەک ئاژەڵە قسەکەرەکان یان درەختی سەماکەر.

**ج. هێماسازیی سادە:** هۆنراوە ئەو هێمایانە بەکار دەهێنێت کە ئاسانە بۆ تێگەیشتن، وەک خۆر بۆ هیوا و مانگ بۆ ئارامی.

**٣. جوانیی ئەزموونی سۆزداری:**

**ا. خۆشی و شادی:** لە ڕێگەی بارودۆخی کۆمیدی یان کارەکتەری دڵخوازەوە خۆشی بۆ منداڵ دەهێنێت.

**ب. بەرەوپێشبردنی هەستی ئەرێنی:** بەهاکانی وەک خۆشەویستی و هاوکاری و گەشبینی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕەنگ دەداتەوە کە هەستە جوانەکانی منداڵ قووڵتر دەکاتەوە کار لەسەر هەستەکانیان دەکات بۆ ئەوەی ئەرێنی و گونجاو بن.

**ج. کارلێکی سۆزداری:** وا دەکات منداڵ هەست بە بەشێک لە دەقەکان بکات، ئەمەش نوقمبوونی لە ئەزموونی هۆنراوەییدا بەرزتر دەکاتەوە.

**٤. جوانیی تەوەر و بەهاکان:**

**ا. بابەتەکانی پەیوەندیدار:** هۆنراوە سەرنج دەخاتە سەر ئەو پرسانەی کە بە منداڵەکە ئاشنان، وەک خێزان و هاوڕێ و سروشت، ئەمەش وای لێ دەکات ئیلهامبەخش و سەرنجڕاکێش بێت، بابەتی پەیوەندیدار بوونی دەبێت.

**ب. بەها ڕەوشتییەکان:** بەهاکانی وەک ڕێزگرتن و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دوورکەوتنەوە لە فێڵ و درۆ، ئەمانە بە شێوەیەکی هونەری ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێ دەکرێت.

**٥. کارلێکی منداڵ:**

ا. هۆنراوە ئەزموونێک بە منداڵ دەبەخشێت کە خۆشی و فێربوون تێکەڵ دەکات، بەو پێیەی منداڵ هەست بە جوانیی زمان و وێنە دەکات، و دەست

دەکات بە بەبیرکردنەوە تا بتوانێت دەست بۆ کۆمەڵێک ئەگەر و بابەتی گرنگ ببات.

ب - هۆنراوە بە فێرکردنی چۆنیەتیی بینینی جیهان بە شێوەیەکی پڕ لە ڕەنگ و مانا، سەلیقەی جوانیناسیی منداڵ پەرە پێ دەدات ئەمەش وا دەکات منداڵان جوانتر بڕوانن.

جوانیناسیی ناو هۆنراوەی منداڵان بە زمانی داهێنەرانە، ڕیتمی مۆسیقا، وێنەی هەستیاری و کارلێکی سۆزداری دێنێتە ئارا. (مەبەست لە زمان جوانترکردنی ئەو زمانەیە کە ڕیتم و ئاوازی وشەی مۆسیقی تێدا بێت) (تالیس، بەبێ ساڵ: ١٧-١٨).

ئەم توخمانە منداڵ بە جیهانێکی چێژبەخش دەناسێنن کە دەوڵەمەندە بە ئەزموونی هونەری و مەعریفی. هەموو ئەمانەش کاریگەریی ئەرێنی و پەروەردەیی دەخەنە سەر ئەزموون و تێڕوانین و پەروەردەکردنی منداڵان. لەگەڵ ئەمانەشدا پەیوەندیی جوانیناسی و فەلسەفی لەگەڵ هۆنراوەی منداڵاندا لە شێوازی دەربڕینی ئەم جۆرە ئەدەبەدا بە بەها جوانیناسییەکان و واتا قووڵەکان دەردەکەوێت کە لەگەڵ جیهانی منداڵدا دەگونجێت و ئاراستەی ویژدان و خەیاڵی منداڵەکەی دەکات. بۆ نموونە سادەییدەربڕین و جوانیی ڕیتم، (ڕیتم هەستێکی نادیارە) (جەمالەدین، ١٩٩٧: ٣٧٦). بەچاو نابینرێت، بەڵام هەستی پێ دەکرێت.

ڕیتم زۆر گرنگە، چونکە هۆنراوەی منداڵان تایبەتمەندە بە سادەییی وشەکان و ڕیتمێکی نەرم، ئەمەش وای لێ دەکات سەرنجڕاکێش بێت و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن. هۆنراوەی منداڵان هانی منداڵ دەدات بۆ بیرکردنەوە لە خۆی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەوەی لە دەوروبەریدایە، ئەمەش دەرگا بە ڕووی پرسیاری فەلسەفیدا دەکاتەوە سەبارەت بە ناسنامە و سەربەخۆیی و تێڕامان کە توخمێکی جەوهەرییە لە فەلسەفەدا و هۆنراوەی منداڵان بە پرسیارکردن یان خستنەڕووی جیهانە سەرسوڕهێنەرەکانیان گرنگیی زیاتر دەبێت. ئەمانەش منداڵ هان دەدەن بۆ تێڕامان (هۆنراوە - بە شێوەیەکی گشتی - زمانێکی ئایدیالی و مانابەخشە، نەک ڕوونی و ئاشکرایی) (ئەدۆنیس، ١٩٨٩: ٣٦).

هۆنراوە، خۆشەویستی بۆ چاکە و جوانی و ئازادی لە منداڵدا دەچێنێت، کە بەهای فەلسەفین و گوزارشت لە قووڵترین لایەنەکانی بیری مرۆڤ دەکات. هۆنراوەی منداڵان جوانیناسیی ڕواڵەتی وەک مۆسیقای زارەکی و وێنەی بینراو لەگەڵ بیرۆکەی فەلسەفیی قووڵ کە هاوئاهەنگن لەگەڵ جیهانی منداڵدا تێکەڵ دەکات. بەگشتی هۆنراوەی منداڵان تەنیا وشەی جوان یان پەیامی پەروەردەیی نییە، بەڵکوو فەزایەکە کە هونەر و بیرکردنەوە تێکەڵ دەکات، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ داڕشتنی سەلیقەی منداڵ و ڕێنماییکردنی بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە. هەروەها جوانیی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا لە توانای خستنەڕووی چەمکە قووڵەکان و مانا سەرەکییەکان بە شێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش کە لەگەڵ جیهانی منداڵدا بگونجێت، هەیە. فەلسەفە بە پرسیارەکانی سەبارەت بە ژیان و بوون و ئەخلاق و جوانی، ڕەنگە لە یەکەم نیگادا لە ئاستی منداڵدا ئاڵۆز دەرکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا توانای ئەوەی هەیە خەیاڵی منداڵ سەرقاڵ بکات، کاتێک بە شێوەیەکی داهێنەرانە پێشکەش دەکرێت. هۆنراوە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دەربڕینی بیرۆکەی فەلسەفی بە زمانێکی سادە و ڕاستەوخۆ. کاتێک پرسیارە فەلسەفییەکان دەگۆڕدرێن بۆ وێنەی هۆنراوەیی، زیاتر لە دڵی منداڵەوە نزیک دەبنەوە.

بۆ نموونە شاعیری منداڵان دەتوانێت لە ڕێگەی چیرۆکێکی ڕەمزییەوە لە فۆرمێکی هۆنراوەیییەوە پرسیاری بوون یان مانای هاوڕێیەتی دەرببڕێت، ئەمەش وا دەکات منداڵ بەبێ ئەوەی هەست بە ئاڵۆزی بکات، لەگەڵ چەمکەکەدا کارلێک بکات و بیرکردنەوە و خەیاڵی ڕەخنەییی لا دروست بێت، یەکێک لە پایەکانی فەلسەفە بیرکردنەوەی ڕەخنەییە، یاخود هانی منداڵ دەدات بۆ پرسیارکردن، وەک: بۆچی خۆر لە ئاسمانە؟

چی دەبوو ئەگەر لەنێوان هەورەکاندا یاریم بکردایە؟ ئەم پرسیارانە مێشکی منداڵ هان دەدەن بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە، ئەمەش سەرەتای فەلسەفیی گەڕانە بۆ مەعریفە و تێگەیشتنیان. هۆنراوەی فەلسەفی بۆ منداڵان دەتوانێت بەها قووڵەکان بە شێوەیەکی نەرم و ناڕاستەوخۆ بچێنێت. کاتێک چەمکەکانی وەک چاکە و خۆشەویستی و لێبووردەیی لە ڕێگەی چیرۆکە هۆنراوەییە سادەکانەوە دەردەکەون، ئەم جوانی و ئەخلاقییە وا دەکات فەلسەفە لە ویژدانی منداڵدا زیندوو بێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە ئەوەیە کە هێندەی دەرگا بە ڕووی پرسیاردا دەکاتەوە وەڵام ناداتەوە. ئەمەش جوانییە لەناو هۆنراوەدا. هۆنراوە بۆ منداڵان دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ بەئاگاهێنانەوە، وەک: مانای کات چییە؟ چۆن شتەکان جوان دەبن؟ بۆچی خۆشمان دەوێت و ڕقمان لێیە؟ ئەم جۆرە پرسیارە، کاتێک بە شێوەیەکی هۆنراوەیانە دەکرێت، هەستی منداڵ دەورووژێنێت و ڕێگەی پێ دەدات لە ڕێگەی ڕوانگەی خۆیەوە بە جیهاندا بگەڕێت و چێژ وەربگرێت. ئەمەش جوانیی هونەری هۆنراوەیە، هەموو هونەرێک جوانی و چێژ و بەشێک لە مۆسیقای تێدایە هونەری هۆنراوەش یەکێکە لەمانە و زۆریش کۆنە. هۆنراوە (کۆنترین شێوەکانی هونەرە، بە هەموو جۆرەکانییەوە و جیاوازیی ڕەگەزیان تێدایە، بە باڵایەکی داهێنەرانە هەن.) (عەلی، ٢٠٢٤: ٣٩١).

لەگەڵ ئەوەشدا چێژی مۆسیقای هۆنراوە زۆر گرنگە چونکە هۆنراوە بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەکی جیا دەکرێتەوە کە منداڵان خۆشیان دەوێت، ئەم لایەنە مۆسیقییە جوانییەکی زیادە بۆ پێشکەشکردنی فەلسەفی، بەو پێیەی منداڵ وشە و دەنگ و ماناکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش تێگەیشتن و تێگەیشتنی لە چەمکەکان بەرزتر دەکات، هۆنراوە بۆ منداڵان پێویست ناکات بە جددییەکی زۆرەوە فەلسەفە بخاتە ڕوو، بەڵکوو لە ڕێگەی خۆشی و پێکەنینەوە دەکرێت. بۆ نموونە پرسیارێکی فەلسەفی سەبارەت بە جیاوازی و فرەچەشنی دەکرێ لە فۆرمێکی هۆنراوەییدا بەم جۆرە جوانیی فەلسەفە لە هۆنراوەی منداڵاندا لە توانایدایە کە واتا قووڵەکان لە جیهانی منداڵ نزیک بکاتەوە کە پڕە لە بێتاوانی و خەیاڵ. ڕێگەیەکە بۆ هاندانی بیرکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاست و پەرەپێدانی هەستی جوانکاری و مرۆڤایەتی بە شێوەیەک کە لەگەڵ جیهانی منداڵیدا بگونجێت. هۆنراوە لێرەدا دەبێتە پەنجەرەیەکی کراوە بۆ پرسیارە گەورەکانی ژیان، بەڵام پڕ لە ڕووناکی و گەرمی دەمێنێتەوە کە وا لە منداڵ دەکات چێژ لە هەموو ساتێکی گەشتە فیکرییەکەی وەربگرێت لەناو هۆنراوەدا، هۆنراوەی منداڵان نوێنەرایەتیی پەنجەرەیەکی هونەری و جوانکاری دەکات کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا بەشدارە لە پێکهاتنی هۆشیاریی جوانکاری و زمانەوانیدا. تەنیا وشەی پێوانەکراو و جوانیش نییە، بەڵکوو لە چوارچێوەی خۆیدا قووڵاییەکی فەلسەفی هەڵدەگرێت، . (وشەکانی هۆنراوە هەموو ساتێک بەهێزترن و قورساییەکی تر هەڵدەگرن و گرنگن، بە بەراورد لەگەڵ وشە و وتوێژی ئاساییدا) (الجیوش، ١٩٦٣: ٢٨).

گرنگیی جوانی لە هۆنراوەی منداڵان لەوەدایە بە شێوەیەک هەستەکان هان بدات و ئاسۆی خەیاڵی منداڵ فراوان بکات، بەو پێیەی وێنەی بینراو و دەنگی و هەستیاری تێکەڵ دەکات بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی هونەریی یەکگرتوو، ئەمەش تێگەیشتنی جوانکارییەکەی بەرز دەکاتەوە و توانای تامکردنی جوانییەکانی زمان و سروشت و هونەری پێ دەبەخشێت، لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە هۆنراوەی منداڵان ڕەهەندگەلێک هەڵدەگرن کە لە کاتبەسەربردن و چێژوەرگرتن تێ دەپەڕن، ئامرازێکە بۆ فێرکردنی بەها قووڵە مرۆییەکانی وەک چاکەکاری، ڕاستگۆیی، هاوکاری و بیرکردنەوەی ئەرێنیی ئەم بەهایانە دەخاتە ڕوو و وێنەی مێتافۆریک کە هانی منداڵ دەدەن بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکی ڕەقی پەروەردەیی بێت، جگە لەوەش

ئەمە یارمەتیی هۆنراوەی منداڵان دەدات هەستی لێکۆڵینەوەی منداڵ پەرە پێ بدات، ئەمەش وای لێ دەکات بە پرسیاری کراوە سەیری جیهان بکات و ئارەزووی دۆزینەوەی بەردەوامی هەبێت.

هـۆنـراوەی مـنـداڵان لـە بنیـاتنـانی شـوناسـی کولتووریی منداڵدا بەشدارە. بەو پێیەی کە منداڵەکە بە میراتی زمانەوانی و کولتووریی کۆمەڵگاکەیەوە دەبەستێتەوە. (منداڵیش کە لەدایک دەبن، شارەزایی و زانیاری و ڕۆشنبیری لەگەڵیاندا لەدایک نابن تا لەگەڵ کۆمەڵدا ڕابێن، بەڵکوو لە ماوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانیدا لە ڕێی فێربوون و چاولێکردنەوە میـتۆدەکـانی کـۆمـەڵگـاکـانیـان وەردەگـــرن، دەبنـە کەسایەتیی کۆمەڵایەتی) (شوان، ٢٠٢٢: ٥٠).

لە ڕێگەی چیرۆک و ئەفسانە و پەندەوە هەستی سەربەخۆیی بە زمانی دایکی و بـەو کولتوورەی کە سەر بە خۆیەتی، لە ناودا دەچێنێت، کە لە دەقە هۆنراوەییەکاندا جێگیر کـراوە. جگە لـەوەش دەق بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دەرفەت دەدات بە منداڵ کە کارلێک لەگەڵ ئەو دەقانەدا بکات کە ڕێز لە خەیاڵ و دەروونەکەی دەگرن، بەبێ ئەوەی پشتگوێی بخات لەسەر ئاستی مەعریفیی خۆی. ئەمەش هاوسەنگییەک لەنێوان داهێنان و پـەروەردەی فیکریدا دروست دەکـات. جگە لـەوەش هۆنراوە دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ ئەوەی منداڵەکە مامەڵە لەگەڵ هەستەکانیدا بکات و تێ بگات، بەو پێیەی کە زمانێکی دەربڕینی بۆ دابین دەکـات کە تـوانـای دەربـڕینـی خۆشی و دڵتەنگی و سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێی دەدات. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی زیرەکیی سـۆزداری، دەبێتە ئامرازێکی پەیوەندیی نێوان جیهانی ناوەوەی منداڵ و جیهانی دەرەوەی منداڵەکە.

بە شێوەیەکی گشتی هۆنراوەی منداڵان هەڵگری بەهایەکی جوانیناسی و فەلسەفیی دووانـەیـە کە تیایدا توخمەکانی زمـان و هونەر و بەهاکان یەک دەگرنەوە و دەیکاتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ داڕشتنی کەسایەتیی مـنـداڵ و بـەرزکـردنـەوەی خـەیـاڵ و هەستی جوانکاری و بیری فەلسەفی تێیدا. ڕێگەیەکە کە چێژ و پـەروەردە لە یـەک کاتدا تێکەڵ دەکـات. جوانیی فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا لە توانای تێکەڵکردنی سادەییدەربڕین لەگەڵ قووڵاییی مانادا دیارە. ئەمەش وا دەکات دەقەکان لە ڕووی فیکری و سۆزدارییەوە ئیلهامبەخش بن بۆ منداڵ و دەرگاکانی لێپرسینەوە و تێڕامان بکەنەوە. جوانیی فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا لە چەند ڕوویەکەوە زیاتر خۆیان نیشان دەدەن. بۆ نموونە سـادەیـی بـە مەبەست، هۆنراوەی منداڵان پشت بە بەکارهێنانی زمانێکی سادە دەبەستێت کە لە خەیاڵی منداڵەوە نزیکە، بەڵام هەڵگری مانای قووڵە. ئەمەش وا دەکات منداڵ زمانی گەشە بکات. ئەم سادەییە پڕ لە قووڵییە ڕێگە بە منداڵ دەدات تێگەیشتنێکی زگماکیی هەبێت، لە هەمان کاتدا تۆوی بیرکردنەوە و پرسیارکردن دەچێنێت. (تێکستی منداڵ کار لەسەر هزری منداڵان دەکات، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دروستکردنی کەسایەتیی منداڵ بەشدارە) (شەحاتە، ٢٠٠٤: ٣٣).

هـۆنـراوەی مـنـداڵان دەتـوانـێ بابەتی فەلسەفی وەک کـات، ژیـان، مـردن، ناسنامە و جـوانی بە شێـوەیـەک بخاتە ڕوو کە وایـان لـێ بکات لـەلای ئەوان تێ بگەن و قبووڵ بکرێن. هۆنراوەی منداڵان خەیاڵی منداڵ دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوە لە جیهانە نوێیەکان و بیـرۆکـەی ئەبستراکت، وەک مانای بەختەوەری، هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە، یان چۆنیەتیی کارکردنی سروشت. جوانیی فەلسەفی لە توانای هۆنراوەدا دەردەکەوێت بۆ چاندنی بەهاکانی وەک لێبووردەیی، خۆشەویستی، دادپەروەری و جوانیی ناوەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. جگە لەمانە زۆر جار هـۆنـراوەی مـنـداڵان نوکتە و خۆشی دەخاتە مێشکیانەوە، بەڵام پەیامی قووڵیش هەڵدەگرێت کە تۆوی حیکمەت و فەلسەفییان تێدا دەچێنێت.

بـەم جـۆرەش منداڵ تێ دەگـات و وێنای زیاتر دەکـــات. زۆر جـاریـش وێـنـەی هـۆنـراوەیـیـەکـان

دەربارەی مانگ و ئەستێرەکان بانگهێشتی منداڵ دەکەن بۆ ئەوەی بیر لە گەردوون و شوێنی خۆی بکاتەوە. بۆیە جوانیی فەلسەفیی هۆنراوەی منداڵان ئەوەیە کە وا لە منداڵ دەکات بیر بکاتەوە و سەرسامی بکات، بەڵام بە شێوەیەک ئەو کارە دەکات کە منداڵ هەست بە چێژ و دۆزینەوە بکات. جوانی لە هۆنراوەی منداڵاندا لە چەند لایەنێکەوە دیارە کە وای لێ دەکات ببێتە میدیایەکی ناوازە کە کاتبەسەربردن و پەروەردە و بەرزکردنەوەی خەیاڵ تێکەڵ دەکات. ئەوەتا هۆنراوەی منداڵان بە ڕیتمە هاوئاهەنگەکانی دەناسرێتەوە کە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و وا دەکات بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ دەقەکاندا کارلێک بکات.

هۆنراوەی منداڵان جیهانگەلێکی خەیاڵیی پڕ لە کارەکتەری ڕەنگاوڕەنگ و ڕووداوی وروژێنەر دەخاتە ڕوو کە تێڕوانینەکانی منداڵ فراوانتر دەکەن و توانای داهێنان و خەیاڵکردنی پەروەردە دەکەن. هەروەها جوانی لە هۆنراوەی منداڵاندا ڕەنگدانەوەی ئەو بەها ئەخلاقی و پەروەردەییانەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیچێنێت، وەک ڕاستگۆیی، هاوکاری، خۆشەویستی بۆ سروشت و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە. هۆنراوەی منداڵان لە ڕێگەی وێنەی هۆنراوەییەوە کە دەست لە هەستە سادەکانیان دەدات و ئەزموونی ڕۆژانەیان زیاد دەکات، ساتەکانی گەرم و پڕ لە هەست و سۆز دروست دەکات بۆ منداڵان. هەندێک جار زۆرێک لە هۆنراوەکانی منداڵان توخمەکانی نوکتە و یاریی وشە لەخۆ دەگرن. بۆ نموونە ئەم هۆنراوەیەی هۆنیار (بەکر پشدەری) یەکێکە لەم نموونانە:

**قەرە یەک و قەرە دوو**
**خۆتان بشارنەوە زوو**
**چاوی خۆمم بەستووە**
**بیرم بەکار خستووە**
**هەر کەسێکتان بیەوێ**
**دەستێکم بەری کەوێ**
**من دەبم بە براوە**
**دیارە ئەویش دۆڕاوە**
**دەبێ بچێتە شوێنەکەم**
**هەتا من خۆم ون دەکەم**
**وەک من چاوی ببەستێ**
**لە شوێنەکەم ڕاوەستێ**
**قەرە یەک و قەرە دوو**

ڕاکە و بمانگرە زوو. (فەرهادی، ٢٠٢١: ١٨٢)

ئەم شێوە هۆنراوانە وایان لێ دەکات منداڵان سەرگەرم بن و چێژ و چەشەی زیاتر وەربگرن... بە شێوەیەکی گشتی هۆنراوەی منداڵان زۆر دەربڕینی هەستیاری بەکار دەهێنێت، وەک وەسفکردنی دەنگ و ڕەنگ و بۆنەکان، ئەمەش هۆشیارییان بۆ جیهانی دەوروبەریان بەرز دەکاتەوە، پێیان دەگەیەنێت. بەگشتی (وشەی جوانیناسی لە جوانییەوە هاتووە) (عەلی، ٢٠٢٤: ١٢٧).

جوانیی هۆنراوەی منداڵان لە توانای هاوسەنگکردنی پەروەردە و کاتبەسەربردن و فێرکردن و ناساندنی خەیاڵ و واقیعدایە. ئەمەش وای لێ دەکات کە ئامرازێکی هونەریی کاریگەر بێت لە داڕشتنی هۆشیاریی منداڵان و پەرەپێدانی خۆشەویستییان بۆ ئەدەب لە تەمەنێکی بچووکەوە، چونکە پڕە لە جوانی و چێژ. جوانیی فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا لە توانای تێکەڵکردنی سادەییدەربڕین لەگەڵ قووڵاییی مانادا دیارە. ئەمەش وا دەکات دەقەکان لە ڕووی فیکری و سۆزدارییەوە ئیلهامبەخش بن بۆ منداڵ و دەرگاکانی لێپرسینەوە و تێڕامان بکەنەوە. جوانیی فەلسەفی لە هۆنراوەی منداڵاندا دەبێتە هۆیەک بۆ فێربوون و زمانگرتن، چونکە هۆنراوەی منداڵان پشت بە بەکارهێنانی زمانێکی سادە دەبەستێت کە لە خەیاڵی منداڵەوە نزیکە، بەڵام هەڵگری مانای قووڵە. ئەمەش وا دەکات منداڵ زمانی گەشە بکات. ئەم سادەییە پڕ لە قووڵییە ڕێگە بە منداڵ دەدات تێگەیشتنێکی زگماکیی هەبێت، لە هەمان کاتدا تۆوی بیرکردنەوە

و پرسیارکردن دەچێنێت. جوانیی فەلسەفی لە توانای هۆنراوەدا دەردەکەوێت بۆ چاندنی بەهاکان. بۆیە جوانیی فەلسەفیی هۆنراوەی منداڵان ئەوەیە کە وا لە منداڵ دەکات بیر بکاتەوە و سەرسامی بکات، بەڵام بە شێوەیەک ئەو کارە دەکات کە منداڵ هەست بە چێژ و دۆزینەوە بکات. هەر بۆیە جوانی و فەلسەفە کە تێکەڵی یەک دەبن، جوانتر کاریگەری دروست دەکەن لەسەر هزر و تێڕوانینی منداڵ، وا دەکەن منداڵ لە هەموو لایەنەکانەوە گەشە بکات. لەگەڵ ئەمەشدا منداڵ بەم جۆرە دەتوانێت خۆی بڕیار بدات و بیر بکاتەوە و شتەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە و هەست بە جوانی و مانا و کردە و گفتوگۆ و تێڕوانینەکانی زیاتر بکاتەوە.

## جوانی و ئاماژە پەروەردەییەکان لە هۆنراوەی پۆلی یەکەم

**قوتابیی پۆلی یەکەم**
**چوست و چالاک و پاکم**
**وانەی کوردی دەخوێنم**
**سەرکەوتن بەدەست دێنم**
**گوێڕادێری مامۆستام**
**پاک و خاوێن و وریام**
**هاوڕێ و هاوپۆلەکانم**
**خۆش دەوێن وەک چاوانم.**(عەلی،٢٠٢٣: ١٣)

جوانی و ئاماژەی جوانی و فەلسەفەی پەروەردەیی لەم هۆنراوەیە پڕە لە هەستی پەروەردە و فێرکردن و بەها و ئاکاری جوان. جگە لەمە، ئاماژە جوانی و پەروەردەییەکانی ئەم هۆنراوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە منداڵ ئاراستە دەکات هەست بە گرنگی و چوست و چالاکی و پاک و خاوێنی بکات. لەگەڵ ئەوەدا ئەوە بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە هەوڵ بدەن بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن. هەروەها ئاماژە بە جوانییەکی تر دەکرێت کە منداڵان پێویستە گوێڕایەڵ و وریا و زیتەڵە و چالاک بن. سەرباری ئەوەی جوانی و ئاماژەکانی ئەم هۆنراوەیە وا لە منداڵان دەکات کە گرنگی بە هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکانی دەوروبەر بدەن. چۆن جوانی و فەلسەفە لە گۆڕاندان، بە هەمان شێوە جوانییەکانی ئەم هۆنراوەیە لە مەبەستی جوانی و فەلسەفی و پەروەردەکردن لە گۆڕاندان بۆ مەبەستی ئاراستەکردنی منداڵ بە شێوازێکی پەروەردەییی جوان. ئاماژەکانی ئەم هۆنراوە پەروەردەییە جوانییەکانی لەوەدایە بە ڕیتمێکی سادە و جوان و بە زمانێکی فەلسەفیی سادە منداڵ ڕێنموونی دەکات. هەستی جوانی و سەرکەوتن و چێژبەخشین و گوێڕایەڵی لا دەچێنێت و منداڵ ئاراستە دەکات کەوا بخوێنێت و فێری چەندین ئاکار و بەهای جوان بێت. ئەمەش بەشێکە لە جوانی و فەلسەفەی هۆنراوەکە. جگە لەوەی هاوسەنگیی بڕگەکان و ڕیتمی هۆنراوەکە وا دەکات منداڵ کەم کێشی ناو بابەتەکە بێت. هەر ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە وای لێ دەکات دەستی لە هۆنراوەکە بەر نەبێت و ئاشنا بێت بە جوانی و ئاماژەکانی، بەهۆی کێش و سەروا و ناسکی و ئاسانیی وشەکان، لە ساتی خوێندنەوە و گۆکردنیدا هەست و سۆزی منداڵ ڕادەکێشێت. منداڵ بەبێ ویستی خۆی بەر ڕیتم و مۆسیقا و ئاوازێک دەکەوێت کە لەگەڵ دەروون و ویستی گونجاوە. چونکە وشە و داڕشتنی هۆنراوەکە بەهۆی ڕیتم و ڕستەی مۆسیقی تێکەڵ بە هەست و سۆزی منداڵان دەبێت. جگە لەمانە، ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکات تا بەهۆی ئەو مەبەستانەی کە لە هۆنراوەکە ئاماژەی پێ دراوە، درک زیاتر بە جوانی بکات. بە شێوەیەکی گشتی وێنەی تەواوی هۆنراوەکە و کێش و سەروا و ئاماژەکان و یەکسانیی بڕگە و ناسکی و بەها پەروەردەییەکان دەبنە بەشێک لە جوانی لە تێڕوانینی منداڵان. جگە لەمانە بەخشینی زانیاری و وروژاندنی پرسیار دەبنە بەشێکی

گرنگ لە هۆنراوەی منداڵان. هەر بۆیە لە هۆنراوەی پەپوولەدا ئاماژە بە چەند شتێکی گرنگ دەکەین کە پێویستە لەناو هۆنراوەی منداڵاندا هەبن.

**ئـــەی پـــەپـــوولـــەی ئـێـسـکـسـووک**
**دۆســـــتـــــی مـــنـــداڵــــی بـچـــووک**
**بـــفـــڕە لـــەم چـڵ بـــۆ ئـــەو چڵ**
**بـــمـــژە شـــیـــلـــە و بـــۆنـــی گـــوڵ**
**ئـــەی بـــاڵــــداری عـیـشـوە و نـاز**
**هـــاوڕێـــی مـــێـــخـــەک و نـــازنـــاز**
**بـــاڵــــداری عـــەشـــق و جـــوانـــی**
**خـــۆشـــەویـــســـتـــی هـــەمـــووانـــی**
**بـــاخـــچـــەمـــان ئـــامـــادەیـــە**
**پــڕ لـــە گـــــــوڵ و لالـــەیـــە**
**کـــام گـــوڵ ڕازاوە و جـــوانـــە**
**تـــێـــیـــدا بـــکـــە هـێـلانـــە**
**ئـێـمـەش وەک هـــاوڕێـــی گـیـانـی**
**بـــە لایـــلایـــە و گـــۆرانـــی**
**دەتـــکـــەیـــنـــە خـــەو تـــا بـــەیـــان**
**دوایی بفڕە بۆ ئاسمان.** (سەپان، ٢٠٢٠: ٨)

لە هۆنراوەی منداڵاندا زۆر جار منداڵ زانیاری بەدەست دەهێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری لا دروست دەبێت. ئەوەتا ئەمە بەڕوونی دەبینین. منداڵان لەم هۆنراوەیەدا ئاشنا دەبن بەوەی پەپوولە باڵی هەیە و دۆستی منداڵانە و زیانی نییە، هاوڕێی نازناز و گوڵی جوانە. لەگەڵ ئەمەشدا پرسیار لە هزری منداڵان دروست دەکات کە بۆچی پەپوولە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفرێت؟ لە نیوە دێری دواتردا هۆنیار ئەمە زیاتر بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە کە پەپوولە لەبەر شیلە و خۆراک بەسەر گوڵەکاندا دەفرێت. جگە لەوەی پرسیاری تر لە هزریان دەورووژێنێت کە بۆچی باڵدارێکی جوانە و هەمووان خۆشیان دەوێت؟ یاخود بۆچی پەپوولە هەر هاوڕێی باخچە و گوڵە؟ ئەم پرسیارانە زۆر جار کە لە هزری منداڵان دروست دەبن، دەبنە هۆکاری بیرڕوونیی زیاتری منداڵان و تێڕوانینیان دەگۆڕێت. بەهۆی ئەم پرسیار و زانیارییانەی کە بەدەستی دەهێنن یاخود بیری لێ دەکەنەوە، دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ چەندین دەروازەی پەروەردەیی و جوانی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕیتمی ناوە و ناسکیی وشەکان و نزیکیی بابەتەکە لە دنیا و ویستی منداڵان وا دەکات هۆنراوەکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بەئاسانی تێکەڵی خەیاڵی منداڵان بێت، ئاسوودەیی بە دەروونیان ببەخشێت. سەربارى ڕیتم و سەرواى هۆنراوەکە، بڕگەی دێڕەکان وا دەکات منداڵان بەئاسانی بتوانن لەبەری بکەن، چێژی لێ وەربگرن، بیر لە هەموو ئەو وێنە و ئاماژانە بکەنەوە کە لەناو هۆنراوەکەدا بوونی هەیە.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەدا گەیشتین بەوەی کە جوانیناسی و ئاماژە پەروەردەیی و فەلسەفەییەکانی هۆنراوەی منداڵان دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی منداڵان و ئاستی زمانی منداڵان بەرەو پێشەوە دەبات. جگە لەوە هۆنراوە ئاسوودەیی بە منداڵان دەبەخشێت. لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەبێتە دەلیڤەیەکی گرنگ بۆ متمانەبەخۆبوون و نەترسان لەساتی گفتوگۆکردنی منداڵاندا.

هـۆنـراوە جـوانـی و فـەلـسـەفـە لـە هـەمـوو ڕووەکانەوە بە منداڵان ئاشنا دەکات و هزریان فراوانتر دەکات. هەروەها ڕیتم و مۆسیقا لەگەڵ هەست و سۆزی منداڵان تێکەڵ دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ چەشە و چێژی منداڵان و گەیاندنی بابەتە پەروەردەییەکان. چونکە هۆنراوەی منداڵان هزری منداڵ پاراوتر دەکات و ئامادەی دەکات تا جوانی و فەلسەفە و بابەتە ئەرێنی و نەرێنییەکان، لە یەکتر جیا بکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

**- بە کوردی:**


- ئەمین، سەپان (٢٠٢٠) کۆلارەکەی باڵدار. سلێمانی: (بەبێ ناوی چاپخانە).
- رازاو، ڕەشید سەبری (٢٠٢١) بەها پەروەردەییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا – باشووری کوردستان. تێزی (بڵاونەکراوەی) ماستەر، پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر.
- ڕەزا، شوان (٢٠٢٢) ڕۆشنبیریی منداڵان. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- سارتەر، ژان پۆل (٢٠٢٠) ئەدەب چییە؟ وەرگێڕانی: مستەفا غەفوور. تاران: چاپخانەی تاران.
- عیرفان، مستەفا (٢٠٠٥) مێژووی فەلسەفە. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- فازڵ، مەجید مەحموود (٢٠٠٠) شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا. تێزی (بڵاونەکراوەی) دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٤) بیبلۆگرافیای هونەر: نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لە بواری هونەر. ب١، تاران: چاپخانەی تاران.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٤) بیبلۆگرافیای هونەر: نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لە بواری هونەر. ب٥، تاران: چاپخانەی تاران.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٤) بیبلۆگرافیای هونەر: نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لە بواری هونەر. ب٥، تاران: چاپخانەی تاران.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٤) بیبلۆگرافیای هونەر: نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لە بواری هونەر. ب٦، تاران: چاپخانەی تاران.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٤) بیبلۆگرافیای هونەر: نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لە بواری هونەر. ب٧، تاران: چاپخانەی تاران.
- کەمال، میراودەلی (٢٠٠٥) فەلسەفەی جوانی و هونەر. چاپی دووەم، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع.
- کاروان، عەلی (٢٠٢٣) خوێندنی کوردی، قۆناغی بنەڕەتی، پۆلی یەکەم، وەرزی یەکەم. چاپی نۆیەم، کوردستان: حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.
- لیژنە (٢٠٢٤) ڕێبەری مامۆستا: پەروەردەی هونەری، قۆناغی بنەڕەتی، پۆلی (١، ٢، ٣). لوبنان: چاپخانەی نۆرس لایت.
- محەمەد، عوسمان محەمەد (٢٠٢٣) شیعرییەت لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیاندا. توێژینەوە، سنە: چاپەمەنیی ڕۆژهەڵات.
- مەجدی، کامیل (٢٠١٣) سوقرات. چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- موراد، فەرهادپوور (٢٠٠٦) جوانیناسیی شکست. وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
- حەمەساڵح، فەرهاد (٢٠٢١) پێگەی شیعریی منداڵان لای شاعیرانی کورد. بەرگی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- نەبەز، ئیسماعیل کەمال (٢٠٢٢) شانۆی منداڵان و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا (٢٠٠٣-٢٠٢١). نامەی (بڵاونەکراوەی) ماستەر، پێشکەش بە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/ بەشی سینەما و شانۆ کراوە.
- وابرتۆن، نایجڵ (٢٠١٣) بنچینەکانی فەلسەفە. وەرگێڕانی: دڵشاد ئەمین. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.


**- بە عەرەبی:**


- أدونيس، (١٩٨٩) الشعرية العربية، دار الادب، بيروت، لبنان.
- بلوک، هاسكال و سالنجر، هيرمان (١٩٦٦) الرؤيا الابداعية، ترجمة: اسعد حليم، الاف الكتاب.
- حسن، شحاته (٢٠٠٤) ادب الطفل العربي، دراسات وبحوث، دار النشر، القاهره.
- حنان، عبدالحميد العناني (١٩٩٩) ادب الاطفال، الطبعة الرابعة، دارالفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الأردن.
- سلوى، الخظراء الجيوس (١٩٦٣) الشعر والتجربة، بيروت، لبنان.
- مصطفى، جمال الدين (١٩٩٥) الايقاع في الشعر العربي، القاهره.
- ئەرستۆ، تاليس (بدون السنة النشر) فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوى، دار الثقافة.

**الجمالية في شعر الأطفال**

يترك الأدب ولاسيما أدب الطفل أثرا إيجابيا في تربية الأطفال، ويكون عاملا رئيسا حتى يتمكن الطفل من التعبير والنطق بصورة سليمة وهذه العملية تعكس من منطق البلاغة والحوار حتى تصل الى حقيقة مفادها، أن ينطق الطفل هذه الأشياء بسهولة ووضوح، منها: التعرف على معنى الجمل و إيماءاتها والتفكير في فلسفة هذه الإيماءات والبحث عنها، إن شعر الأطفال يقدر على تنمية وتعليم الطفل من منطلق منافذه التربوية والحضارية العديدة، وإن الخطوات الموسيقة المنغمة لشعر الأطفال تنمي شعور التعليم ورؤيته الجمالية، ورغبته لإدراك المفاهيم ويجعل من هذا الكائن راغبا في الشعور بجمالية الحياة ووقاحتها، ان فلسفة شعر الأطفال تهبيئ الطفل نفسيا حتى يتأمل ويتخذ قرارا في مواجهة الحياة ومكوناتها، وأن الفلسفة المتأملة والمستنتجة تمكنه من تغيير رؤية الطفل لبيئته الاجتماعية إيجابيا كما انها تترك أثرا فعالا، حتى يقرر ذهنيا دون ان يقع في أخطاء وألا يري العالم من زاوية واحدة لذلك تركت القصيدة اثرا نفسيا وعقليا في رؤية الطفل لأن شعر الطفل من أجمل الأنواع الأدبية في أدب الأطفال التي عن طريقه يدرك الطفل جمالية التعبير وينفتح أمامه منافذ عديدة يطهر تفكيره من الشوائب وأن القصيدة ماعدا النغم الموسيقي والجمالية التعبيرية والمنطلقات الفلسفية، تحمل في طياتها أهدافا أخرى...

**الكلمات المفتاحية** : الجمالية، فلسفة الجمال، الإيقاع، الموسيقي، شعر الأطفال.

Aesthetics in children›s poetry

Research Summary:

Literature, especially children›s literature, leaves a positive impact on raising children, and is a major factor so that the child can express himself and speak correctly. This process reflects the logic of rhetoric and dialogue until it reaches the truth that the child pronounces these things easily and clearly, including: recognizing the meaning of sentences and their gestures and thinking about the philosophy of these gestures and searching for them. Children›s poetry is able to develop and educate the child from its many educational and civilizational outlets. The musical, melodious steps of children›s poetry develop the feeling of education and his aesthetic vision, and his desire to comprehend concepts and make this being willing to feel the beauty and impudence of life. The philosophy of children›s poetry prepares the child psychologically so that he can contemplate and make a decision in facing life and its components, and the contemplative and deductive philosophy enables him to change the child›s vision of his social environment positively, as it leaves an effective impact, so that he decides mentally without making mistakes and does not see the world from one angle. Therefore, the poem left a psychological and mental impact on the child›s vision because children›s poetry is one of the most beautiful literary types in children›s literature. Through which the child realizes the beauty of expression and many outlets open up before him to purify his thinking from impurities and that the poem, apart from the musical melody, expressive aesthetics and philosophical starting points, carries within it other goals...

Keywords: Aesthetics, Philosophy of beauty, Rhythm, Music, Children›s poetry.